# بەریەککەوتنە شاراوەکانی سەدر و چوارچێوەی هاوئاهەنگی

02-08-2022

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە** : ئاڵوزییەکانی نێو ماڵی شیعە و بەریەکەوتنەکانی دوو جەمسەرە سیاسییەکەی شیعەی عێراق

لەپاش کشانەوەی سەدر لە پەرلەمان (15ی حوزەیرانی 2022)، لایەنەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە، هەر لێکدانەوەیەکیان بۆ بڕیارەکە هەبووبێت، بە کردەیی وەها مامەڵەیان کرد کە رکابەرە سەرەکییەکەیان چۆکی داداوە و گۆڕەپانی بۆ چۆڵ کردوون، هەر لەم میانەیەشدا بەخێرایی و لە دانیشتنێکی نائاساییدا 73 کورسییەکەی پەرلەمانتارەکانیان پڕکردەوە، بەدواشیدا محەممەد شیاع سودانی یان بەربژێرکرد کە پێشتر و لەسەرووبەندی خۆپیشاندانەکانی تشرین، سەدر ڤیتۆی لەسەری دانابوو(2020)، ئەمەش ئۆقرەی لە سەدر بڕی و بەدوایدا لایەنگرەکانی ناردە سەر پەرلەمان.

بەلای سەدرەوە هەر بەرەوپێشچوونێکی چوارچێوەی شیعە لە پرۆسە سیاسییەکە، لە نائامادەیی رەوتەکەیدا، جگە لەوەی پەیامی بێزارکردن و هەراسانکردنە، مەترسییەکی گەورەشە لەسەر داهاتووی پرۆژە سیاسییەکەی. چونکە بەگوێرەی ئەزموونەکانی پێشوو، بەشی زۆری کاریگەریی لە عێراق لە سایەی بەشداریکردن لە دەسەڵات و پڕکردنەوەی جومگەکانی دەوڵەت بەدەست دێت نەك لەڕێی بوون بە ئۆپۆزسیۆن. هەروەها هێشتا لەژێر کاریگەری پەرچەکردار و شۆکی ئەو لەمپەرانەدا دەژی  کە بۆ حکومەتی "زۆرینەی نیشتمانی" و کاندیدکردنی جەعفەر سەدر دروست کران و، ئێستاش بە پەکخستنی پرۆژەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

بەئەگەری زۆر، حکومەتی نوێی چوارچێوەی هاوئاهەنگی دەست بۆ یاسای هەڵبژاردن دەبات کە پێشتر دادگای فیدراڵی راسپاردەی هەیە بۆ هەمووارکردنەوەی،  لەوانەیە ئەمەش رێگربێت لەوەی جارێکی دیکە سەدرییەکان بەم جۆرەی ئێستا ببنەوە یەکەم لە بازنە شیعەکان، ئەمەش بۆ سەدرییەکان مەسەلەیەکی زۆر جێگە بایەخ و گرنگە چونکە لە خولی پێشوودا (چوارەم) کاری زۆریان لەسەر یاسای هەڵبژاردن و دابەشکردنی بازنەکانی و پێکهێنانی کۆمسیۆنەکەی کردووە. دەستکاریکردنیشیان لە نەبوونی ئەواندا بە دڵنیایی لە بەرژەوەندییان نابێت، ئەمەش یەکێکە لە ناکۆکییە هەرە شاراوەکانی نێوان سەدر و چوارچێوەی هاوئاهەنگی.

سەدرییەکان بەرگەی ئەوە ناگرن، رکابەرەکانیان حکومەت پێکبهێنن و تا ساڵی 2025 کە وادەی یاسایی هەڵبژاردنە، ئەمانیش لەسەر کورسی یەدەگ لە چاوەڕوانی و تەماشاکردندا بن، بۆیە چاری دیکەیان نییە جگە لە سەپاندنی قۆناغێکی راگوزەر کە چاوەڕوانییەکە کورت بکاتەوە بۆ دەورووبەری ساڵێك یان شتێك زیاتر، بۆ ئەوەی ئەمانیش بەهێز و گوتارێکی نوێوە بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان.

محەممەد شیاع سودانی بە دەستە گوڵی مالیکی دادەنرێت، بەڵام لە پاش پاڵاوتنەکەی لەلایەن چوارچێوەی هاوئاهەنگی و پاش ئەوەی مالیکی تووشی لێکەوتەی تۆمارە دەنگییەکانی بوو، بە پلەی یەکەم عەسایب کەوتنە بانگەشەکردن بۆ حکومەتە چاوەڕوانکراوەکەی و مەرجی وەزیرەکانیشیان راگەیاند. هەر لەو بەینەشدا قەیس خەزعەلی گوتی "هەناسەی زەهرا لە کۆبوونەوەی بەربژێرکردنی سودانی ئامادەبوو"، ئەمەش بۆ سەدرییەکان دووجار هەراسانکەرە، لەلایەك عەسایب باڵێکی جیابووەوەن. پێشتریش زۆرجار سەدر باسی لەوە کردووە ئەوانەی لەسەر شانی ئەو هەڵکشاون و دواتر بەجێیان هێشتوون، خەڵکانی سپڵەو بەد رەفتارن، هەروەها هەردوولایان لەسەر میراتی محەممەد سادق سەدر شەڕیانە، ئێستاش دەیانەوێت پیرۆزی و حیکایەتە مەزهەبی و ئاینییەکان ببەن. لە کاتێکدا سەدرییەکان عەساییبیان پێ ناشەرعییە و بە پاشکۆ و خیانەتکاریان دەزانن.

بە پڕکردنەوەی کورسییەکانی سەدر و دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیران، چوارچێوەی هاوئاهەنگی هەنگاوێك چوونە پێش و چەند خاڵێکیان لەسەر سەدر تۆمارکرد، بەڵام ئەویش لە بەرامبەردا بە داگیردنی ناوچەی سەوز و پەرلەمان یارییەکەی یەکسان کردەوە، ئێستاش قۆڵ بادانی هەردوولا لەسەر توانای درێژەدان بە ناڕەزایەتییەکان و بەکارهێنانی کارتەکانی گوشارە لە دژی یەکتر.

سەدر هەموو ئەو بۆچوونانەی سەلماند کە بەبێ ئەو هیچ یارییەکی سیاسی لە عێراق سەرناگرێت، بەڵام ناڕوونی زۆر لە داواکارییەکانی هەیە و ئاستەکەی هێندە بەرزکردووەتەوە کە ئەگەری لێکگەیشتنی دوور خستووەتەوە. لە بەرامبەریشدا چوارچێوەی هاوئاهەنگی هەوڵیان دا کارتی شەقام رابکێشن و ئەمەش دۆخی شیعەی خستە بەر مەترسی پێکدادان. بۆیە ناچار، بەزویی و بەشێوەیەك کۆتاییان پێ هێنا بۆ کاتی دیکە و ئاماژەیەکی بەهێزیان دا کە هەروا بەئاسانی تەسلیم نابن.

لە ئاسۆی نزیکدا چارەسەری مامناوەند بۆ کێشەی سەدر و لایەنە شیعە ڕکابەرەکانی دیار نییە، بەڵام ئەگەری خزانی دۆخەکەش بۆ شەڕی ناوخۆیی شیعە  شیعە زۆر بەهێز نییە، چونکە ئەوە یەکسانە بە خەساری ئێران و شلبوونی مشتی شیعە بەسەر حوکمڕانی عێراق. جگە لەوەش، هەموولایەکیان لە خێر و بێری پەیکەری هیلاکی دەوڵەتی عێراقدا هاوبەشن، لەوەش تێدەگەن بەشەڕی ناوخۆیی تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێن، تا مەرجەعییەتی شیعەش هەبێ شتێکی چاوەڕوانکراوە کە لە ئەگەرێکی وەها رێگر بێت. ئەمە جگە لە کارتێکەرە دەرەکییەکانی پەیوەست بە دۆخی عێراق.

هەندێك چارەسەر لەبەردەستدان بۆ قەیرانی ئێستای شیعە لە بەغدا، سەرجەمیشیان پێداگرن لەسەر کورتکردنەوەی تەمەنی خولی پێنجەم بۆ ئەوەی سەدرییەکان لە پەراوێز نەمێننەوە، بەڵام سەرگرتنی داواکارییەکانی سەدریش بۆ قڵپکردنەوەی یارییەکە سەقفێکی بەرز و قورسە، کۆتا هەوڵیش بۆ کۆنترۆڵکردنی بڕیار لە عێراق لەسەردەستی مالیکی، بە کەوتنی سێیەکی عێراق و ماڵوێرانییەکانی پاش

داعش کۆتایی هات، هەر کەسی دیکەش هەمان هەوڵ بدات ڕەنگە هەر کارەسات و تێکچوونی بارودۆخی بەدوادا بێت چونکە عێراق پارووەیەکی گەورەترە لە سەرجەم ئەو کارەکتەرانەی ئێستا لە ناوخۆدا هەن، هیچ هێز و لایەنێکی شیعەکانیش ئەوەندە زۆرینە نین کە بتوانن باڵادەستی خۆیان بسەپێنن.